# دیاردەی حیجاب

# سەرەتای دەرکەوتنی کێشەیەکی نوێ لەجیهاندا..

## کەمال ڕەئوف

شتێکی بەڵگە نەوویستە گەر بڵێین لەنێو سیستمی سەرمایەداریدا سەرباری زۆری دەستکەوتە مرۆییەکان کەچی هێشتا ڕێگاچارەی گونجاو وتەواوەتی نەگیراوەتەبەر بۆچارەسەرکردنی کێشەو گرفتی نەتەوەو ئاینە جیاوازەکان، چونکە تاکوئێستا نەیاساوچەمکە عەلمانییەکان توانیوویانە مەسەلەی قبوڵ کردنی جیاوازیە ئاینیەکان بەتەواوەتی بسەلمێنن ولەسیاسەت ویاساکانی دەوڵەتی دابڕن , وەنە سیستمە دیموکراتی ولیبرالیەکانیش توانیوویانە پرسی نەتەوەیی لەمێشکی هاوولاتیانداکەم ڕەنگ وکاڵ بکەنەوە وجیاوازیەکلتوریەکان بەسانایی لەفەرهەنگی خۆیاندا قبوڵ بکەن, ئەمەلەگەڵ ئەوەی کەدەبێت ئەوەش بسەلمێنین , کەمەسەلەی ئاین ونەتەوە لەسیستمە پێشکەوتووەکانی سەرمایەداریدا بەباشترین شێوە لەچاو وولاتانی کۆنی بەناو سۆسیالیزم و وولاتانی پاشکەوتووی ڕۆژهەلاتدا چارەسەر کراون ومامەڵەیان لەگەڵدا کراوە , بەلاّم لەگەڵ ئەوڕاستیەشدا ئێمە سالاّنێکە بانگەشەی درۆینەی ئەوەدەبیستین کەلەسستەمی سەرمایەداریدا دنیا ئارامە و خەڵکەکەشی وەك ماستی مەیوو وایە ومافەکانیان بەبێ جیاوازی لەبەرچاو دەگیرێت و ئاسودەی بەرقەرارە, بەلاّم هاوکات کاتێك کە کێشەو گرفتەکان لەنێو ئەو کۆمەلاّنەدا دەتەقنەوەوخۆیان دەردەخەن و دەکەونە بەرباس ولێکۆلێنەوە , ئەوکاتە هەست بەوە دەکەین کەدنیا چەندە سەرەو لێژەو هێشتا بەفعلی هیچ ئومێدێك نییە بۆ ئەوەی کە لەواقیعدا گفت وکردارو دروشمەکان بتوانن بەتەواوەتی تائاستی پەیوەست بوون لەیەك نزیك ببنەوە, بۆیە زیادە ڕۆیی نییە گەر بڵێین لەپشتی عەلمانیی بوونەوە ئاینێك هەیەو لەناو نێو خەونی کرانەوەو لیبرالیزم و دیموکراتیشدا داگیرکردنێکی تر هەیە .

بەم دواییانە قەدەغەکردنی دیاردەی لەخۆنیشاندنی نیشانەی زەقی ئاینێکی دیاریکراو لەقوتابخانەکانی فەرەنسادا یەکێك لەو کێشانەیە کەجارێکی تر هەمووان بەجیاوازی بیروڕاو ئاینەکانەوە هێنایەوە سەرئەو ڕایەی کە بەخۆدا بچنەوە , بەخۆدا چونەوەیەك کەئیتر بە وولاّتانی گەورەی عەلمانیزادەی وەك ئەوروپیەکانیش بلێت بەسە ئیتر بەناوی تەنیا خوایەکەوە لەسستەمی پەروەردەدا مەدوێن وتەنها خوایەك نیشان مەدەن , وەلەدەستوریشدا شەریعەتێك ڕەت مەکەنەوەو یەکێکیش مەکەنە بیرووڕای گشتی ! چونکە لەسستمی عەلمانیدا شتێك نییە ناوی قبوڵ کردن وڕەتکردنەوەی ئاین بێت, کەچی ئەوەتا بەئاشکرا لە دەستوری ئەڵمانیادا باسی خوایەك کراوە کەلەخواکەی ئەوانی ترناچێت ,لەیۆنان کەنیسەی یۆنانی کۆن برەوی هەیەو ئەرسۆدۆکسیش ئاینی ڕەسمی دەوڵەتە ،لەفنلەندەش برۆتستانی کۆنترۆڵی ئەوانی تری کردووە، ئالێرەوەیە لەنێو وولاّتانی عەلمانی وپێشکەوتووشدا ئەو کەموکوڕیانە خۆیان نیشان دەدەن کەلەچاوانی ڕاگەیاندنەکانەوە خۆیان شاردۆتەوە ولەپشتی پەردەکانەوە کاری ئاینی خۆیان دەکەن , کێشەکانی ناو فەرەنسای پتر لەسەدساڵ عەلمانی بوون کەبەڕواڵەت گچکەیەو تایبەت دەبێتەوە بەناوخۆی فەرەنساوە , لەوێدا گەورەی وکاریگەریکەی دەردەکەوێت کەدەیەوێت پەنچە بخاتە سەرکەموکوڕیەکان و دیالۆگێکی گەرم لەنێو ئاین وبیروڕا جیاوازەکاندا بەرهەم بهێنێت , ئێستاش ئەوپیاچوونەوەیەی فەرەنسیەکان نەك هەر لایەنە

ئاینیەکانی هێناوەتە جۆش و قسەکردن, تەنانەت وولأتانی گەورەی وەك ئەمریکاو ئەوروپاشی ڕاکێشاوەتە ناو بازنگەی گفتوو گۆکانەوەو سیاسیەکانیشی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە ,بۆیە چیتر ئەوگرفتە لەبنەڕەتدا تایبەت نابێتەوە بەوولأتێکەوەو جیهانگیرێتی خۆی دەسەپێنێت وپەیوەست دەبێتەوە بەژیان وچارەنووسی هەمووانەوەو کەس ناتوانێت خۆی لێ ببورێرێت. ئەو گرفتە کەبۆ فەرەنسیەکان چەند لایەنەیە بەشێکی دەگەڕێتەوە سەرمەسەلە هەنووکەییە ئیداریەکان لەناوخۆیدا , بەلأم بەشەکانی تری پەیوەندی بەهەلومەرجی جیهانی وئەو وەزعە جیهانیەوە هەیە کەئێستا ئەمریکا بەقازانجی خۆی خەریکی نەخشەکێشانیەتی , هەربۆیە بەشداری ودژایەتی بەرچاوی ئەمریکاییەکان بۆ بڕیارەکانی ئەم دواییانەی فەرەنسا شتێکی چاوەڕوانەکراو نەبوو ،چونکە ئەوان لەو سۆنگەیەوەیەوە بۆئەومەسەلەیە هەڵوێست وەردەگرن کەچۆن فەرەنسیەکان لەکێشەکانی نێوان ئەمریکاو عێراقدا بەناوی دیموکراتی ودەست تێوەرنەدان لەکارو باری وولأتانەوە لەبەردەم سیاسەتەکانی ئەمریکادا وەستانەوەو وویستیان شکست بدەن بەشانی ئەمریکادا , ئێستاش ئاوا ئەمریکا بەناوی ئازادی بیروباوەڕو پاراستنی کلتوری ئاینیەوە لەبەردەم هەوڵەکانی فەرەنسادا وەستاوەتەوە و نایانەوێت فەرەنسیەکان بەئاسانی ئەوکارەیان بۆبچێتە سەر, بەلأم ئاشکرایە کە نەهەڵوێستەکانی ئەوسای فەرەنسا لەسەرعێراق وداکۆکی کردن لەمانەوەی سەدام لەسەرحوکم داکۆکی بوو لە خەڵکی عێراق , وەنە هەڵوێستەکانی ئێستای ئەمریکاش پەیوەندی بەداکۆکی کردنی ئازادی تاك و پاراستنی کلتوری ئاینەوە هەیە , بیرمەندی فەرەنسی غیلۆن بارنێتر کاتێك دەڵێت : ( فەرەنسا لە هەیمەنەی ئەمریکا سڵ دەکاتەوە , سڵکردنەوەکەش پەیوەندی بەمێژووی فەرەنساخۆیەوە هەیە لەبالأدەستی لەئەوروپادا ,چونکە ئەو بالأدەستیە هاوسەنگی هێزەو جێگەی بایەخە و ئەمریکاش دەیەوێت لەڕێگەی گۆڕانکاریەکانی ئەم دواییانەو داگیرکردنی عێراقەوە کۆنترۆڵی وەزعی ئەوروپا بکات ),ئەمریکایەکانیش دیسانەوە لەم ساتەدا لەوە سڵ دەکەنەوە کە فەرەنسیەکان زۆر ژیرانە بەم کارەیان دەیانەوێت نەك هەر وێنای سیستمە عەلمانیەکەیان بپارێزن و لەوانی تری جوانتر نیشان بدەن , بەڵکو لەڕێگەی ئەم یاساگەلەشەوە دەیانەوێت ئەوە بەجیهان نیشان بدەن کە ئەوانیش وەك ئەمریکاییەکان خاوەن ئەو توانایەن کەدەتوانن ڕێچکەی بیرکردنەوەکانی جیهان بگۆرن وکارکردی بەرچاو وگاریگەریان هەبێت لە سەر ڕووداوەکان و مرۆڤایەتی ودەشتوانن سەربەخۆ خۆشیان بەدوور بگرن لەو جەنگانەی کە ئەمریکا لەپشتیەوە وەستاوە, بۆیە ئەم هەڵوێستانەی فەرەنسا لای ئەقڵی ناوەوەی ئەمریکاییەکان وادەخوێندرێتەوە کەئەمەش جەنگێکی تری هاوشێوەی جەنگەکەی ئەوانە بەلأم بەشێوازێکی هێمن تر لەوەی ئەوان ولەباتی هێزە سەربازییەکان توانا و دانایی فکری فەرەنساییەکان سەرکردایەتی دەکات, وەلەوەش ترسناکترلەم جەنگەدا لای ئەمریکاییەکان ئەوەیە کەئەوان وەك هێزێکی گەورەی جیهانی کەوتوونەتە پەراوێزی ڕووداوەکانیەوە , لەولاشەوە ئیتر بۆ فەرەنسیەکان هیچ لایەنێکی شاراوە لەهەڵوێستەکانی ئەمریکادا نامێنێتەوە کەدەبینن ,جێگری پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانی کۆنگرسی ئەمریکی بەتوندی دژی ئەم کارە دەبێتەوە وناڕەزایەتی پەنجا مەندوب دەدرێتە وەزارەتی دەرەوەی فەرەنساو سیناتۆرەکان نامە ئاراستەی سەرۆك شیراك دەکەن بۆپیاچوونەوەی بڕیارەکەو داوا لە سەرۆك بوش دەکرێت کە لەسەر ئەم مەسەلەیە بەتووندترین شێوە دژایەتی بڕیارەکانی فەرەنسا بکات, لەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا خەڵکی عەرەب زوبان وئیسلام بەگشتی کەزیاتر کەرەستەی کارلەسەرکردنی هێزە گەورەکانن جارێك بەملادا دەکەون وجارێکی تربەولادا ,بەلأم لەم هەنگاوەی فەرەنسیەکان کەم

تازۆرگەیشتنە ئەو بڕوایەی کەجارێ گەمەگەورەکان گەلێك جەولەی ترو نهێنی تری لەخۆ گرتووەو ئاشکرا نەکراون , ئەوان کەلایان وابوو فەرەنسیەکان دۆستێکی نزیکیانە بەوەی کەلەکێشەی فەلەستینیەکان و لوبنان و ئەم دواییانەی عێراقدا هەلوێستی پۆزەتیفانەی نیشان داوەو پەیوەندگەلێکی زۆری ئابوری لەنێوانیاندا هەیە , بەلاّم بەم هەلوێستەی دوایدا ناتوانن خۆلەوە هەلّەبکەن و لەوە تێنەگەن کەسیاسەتی قەدەغەکردنی نیشانەکانی ئاینی وەك هەلگرتن ولەمل کردنی سەلیبی گەورەو پۆشینی حیجاب و کونسلوەی یەهودییەکان لەقوتابخانەکاندا , ئەومەسەلەیە هێندەی ڕووی لەئاینی ئیسلام وئیسلامیەکانە هێندە ڕووی لە ئاینەکانی تر نییە , چونکە پۆشینی حیجاب بۆ مێینەیەکی ئیسلامی ناوەرۆکی ئەوکارە مانای ئاینی زۆر لەوەزیاتری هەیە کە مەسیحیەك بەئارەزوو مەندانە سەلیبێکی گەورە لەمل بکات و یەهودیەکیش کلاّو لەسەر بنێت یان نا! ئەمەجگەلەوەی ئەم یاساتازەیە وجێ بەجێکردنی هەرهەستی ئاینی عەرەبە موسلّمانەکان لەڕووی ئاینیەوەجارس ناکات, بەلّکو لەهەمانکاتیشدا لەڕووی سیاسی و نەتەوایەتیشیانەوە پالّەپەستۆیەکی گەورە دەخاتەسەریان, چونکە گوتاری ئاینی لای خەلّکی عەرەب لەگەلّ خەلّکی نەتەوەکانی تر ئەو جیاوازییەی هەیە , کە عەرەب بەپێچەوانەی ئەوانەوە نەتەوەی خۆی سەربە ئاینی ئیسلام نازانێت , یان خۆی بەئیسلامکردوو نازانێت , بەلّکە ئەوان لایان وایە کەئاینی ئیسلام سەر بەنەتەوەکەیانەو بەشێکە لەکلتورەکەیان و ئەوان خاوەنی ئەسلّی ئاینەکەن وئیسلام لەناو ئەواندایە نەك ئەوان لەناو ئیسلامدا بن, واتە بۆ ئەفغانیەك یان تورك و کوردێك دەبێت بەودیدە چاو لەئەرکەکانی ئاین بکات , کەلەسەرهەموو خواستە نەتەوەیەکانەوەیە بەلاّم بۆ موسولّمانێکی عەرەبی دەبێت ئاوا چاو لەئاین بکات کەتاچەندە ماناو ناوەڕۆکی ئەرکە ئاینیەکەی لەگەلّ خواست و مەزاجەکانی نەتەوەکەیاندا دێتەوە , حیجابیش یەکێك لەو ڕەمزانەیە کە بەقەولی خۆیان هەم ئەرکێکی ئاینیەو هەم ڕەمزێکی نەتەوەیشە بۆیان , (دیارە بەم دواییانە بووەتە نیشانەیەکی سیاسی دیاریکراوی ئیسلامیانەش) , کۆمەلّەی فیقهی ئیسلامی لەئەمریکا , لەگلەیی نامەکەیدا بۆ پەرلەمانی فەرەنسا لەسەر قەدەغەکردنی حیجاب ڕاستەو خۆ ئاماژە بەوەدەکات کە پۆشینی حیجاب دیاردەیەکی نەتەوەیی وئەرکێکی ئاینیە , بەلاّم بەپێی ناوەرۆکی ڕاپۆرتی لیژنەی جێبەجێکردنی عەلمانی لەفەرەنسا , ئاماژە بەوەکراوە کە دیاردەی حیجاب لەفەرەنسا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سالاّنی هەشتاکان ئەوکاتەی کە بزووتنەوە ئسولّیەکان گەشەیان کرد, بۆیە لایان وایە بەشێکی زۆری ئەو مەسەلەیە پەیوەست دەبێتەوە بە سیاسەت وگەشەی ئیسلامیەکانەوە لەئەورووپادا , هەروەهالایان وایە کەبەرپێنەگرتنی دەبێتە مایەیی هەڕەشە لەسەرئازادی تاك و شێواندنی باری کۆمەلاّیەتی فەرەنساو شکاندنی یاساکانی عەلمانیەت , دیارە بۆ هەمووئەوانەش دیکۆمین و بەلّگەی دروستیان لەبەر دەستایەو توانیویانە لەنزیکەوە دانیشتن لەگەلّ پسپۆڕان و خوێندکاران خۆیاندا بکەن , ئەمەجگەلەوەی کەنزیکەی شەش مانگ بەنهێنی و ئاشکرا لەودیاردەیەیان کۆلّیوەتەوە وبەگەلێك ئەنجامی دروست گەیشتوون.

نیشاندانی ناڕەزایەتیەکان لەدژی بڕیارەکانی فەرەنسا کەبەشێوەیەکی زۆر خەلّکی ئیسلامی گرتۆتەوە وتاڕادەیەك ئاینەکانی تر بێدەنگن لێی , لای ئیسلامیەکان، بڕیارەکە ئەو ترسە نیشان دەدات کە ئایندەی ئەو بڕیارە هەربەوەوە نەوەستێت کەلەووڵاتێکی وەك فەرەنسا کۆمەلّێك دەستکەوتی ئاینیان لێوەربگیرێتەوە , چونکە ئەوان باش لەوەتێدەگەن کەفەرەنسا توانای پەلکێش کردن وسەنج ڕاکێشانی گەلێك وولاّتی تری ئەوروپی هەیە بۆ جێ بەجێکردنی هاوشێوەی ئەو یاسایانە وپرۆژەکەی فەرەنساش

بەو ڕخنەیەدەستی پێکردووە کەوولاّتانی ئەوروپا لەگەڵ چەمکەکانی عەلمانیەتدا ناکۆکن . دیارە بۆ فەرەنسیەکانیش قەدەغەکردنی حیجاب هەر ئەوەندە ناگەیەنێت کە بیانەوێت لەچك لەسەری ئەو خوێندکارانە بکەنەوە کەبەئاین ئیسلامن و دەیانەوێت لەڕێگەی لەچك لەسەرکردنەوە پەیوەنی نێوان خۆیان وخواکەیان بەهێزبکەن , چونکە ئەوان باش دەزانن کە پۆشینی لەچك هێندەی پەیوەندی بەئایدلۆژیایەکی دیاریکراوەوە هەیە هێندە پەیوەندی بەشتی ڕۆحی و ئاسمانیەوە نییە , هەروەها بەکارنەهێنانیشی هێندەی پەیوەندی بەوەوە هەیە کەئیسلامیەکان کەڵکیان لەو ئازادیەی ئەوروپا وەرگرتووە , هێندە پەیوەندی بە نرخاندن ولەبەرچاوگرتنی ئازادی فەردیەوە نیە, بۆیە ئیسلامیەکان لەوولاّتانی ئەوروپا قسە لەسەر ژمارە دەکەن و لەوولاّتانی خۆشیان کە ڕۆژانە پێشێلکاری دەکرێ قسە لەسەر ڕای زۆرایەتی وئەسڵ دەکەن و مافی کەمایەتیەکان زەوت دەکەن . لەڕاپورتی لیژنەکەدا کەسەرەتای ئەم ساڵ ئامادەکراون وخراونەتە بەرچاوی بەرپرسان کێشەکان زۆر لەوە گەورەتر دەرکەوتوون کەوا بەئاسانی سەیربکرێن و وا بخوێندرێتەوە کەئەمە هەوڵێکی لابەلای حکومەتە تەنها بۆچارەسەری دیاردەی حیجاب لەقوتابخانەکاندا , کاتێك لیژنەکە ئاماژە بەوەدەکات کەبەهۆی بیرو باوەڕی ئاینیەوە , کچان ئامادەنابن وەرزش بکەن تاحیجاب لەسەریان نەکەنەوە وڕاپۆرتی درۆینەی پزیشکی دەخەنەڕوو , کاتێك بەهۆی بۆنە ئاینیەکانەوە پۆلەکان چۆڵ دەبن ,کاتێك شلۆقی دەکەوێتە پرۆسەی خوێندنەوە بەهۆی ڕەتکردنەوەی خوێندنی بابەتێکی هەڵسەنگاندنی فەلسەفی لەسەر ئاینەکان , کاتێك خوێندکارە یەهودیەکان لەژێر فشاری خوێندکارەکانی تردا قوتابخانەکەیان دەگۆڕن و ناتوانن بە ئاسانی وەك ئەوانی تر نیشانەی ئاینی خۆیان بەکار بهێنن , کاتێك دیاردەی یەکسانی لەنێوان کوڕان وکچاندا تێك دەچێت و کچان ئامادەنابن بەهۆی بیروباوەڕی ئاینیانەوە تەوقەلەگەڵ هاوڕێ کوڕەکانیاندا بکەن , کاتێك دیاردەی پۆشینی لەچك ئەو منداڵە کچانەش دەگرێتەوە کەهێشتا باڵق نەبوون وبەزۆری باوك وبرایان لەچکیان لەسەردەکرێت , ئیتر ئەوکاتە هیچ نامێنێتەوە بۆ سستەمی عەلمانی وەك ماناو ناوەڕۆکی عەلمانی بوون ئەگەر نەتوانێت وەك سستەم داکۆکی لەبەها گرنگەکانی خۆی نەکات ,چونکە فەرەنسیەکان خۆیان تەنها بەپاسەوانی سنورەکانی وولاّت نازنن وداکۆکیشان لەئازادی بیروڕا هەرئەوەنیە کەئاین لەدەوڵەت جیابکەنەوەو گوێ نەدەنێ لەوەی کەلەناو ئەوسنورەدا چی دەگوزەرێت, عەلمانی بوونی ئەوان ئەگەر پێداگرتن بێت لەسەر ئەوەی کە منالاّن لەقوتابخانەکاندا پرچەك بکرێن بەبیرو باوەڕی زانستی بەدور لەهەرگرژیەکی ئاینی کەنایهێڵێت بواری تێگەیشتن ئاسان بێتەوە لایان ,یان ئەوان ئەگەر دەیانەوێ ولەهەوڵی ئەوەدان کەبەردی بناغەی دارشتنی قبوڵکردنی بیروباوەڕەکان لەسەر ئەو ڕایەبێت کە یەکسانی لەنێوان نێرو مێدا فەراهەم بێت وماڵی یەکەمی پێگەیاندن قوتابخانەکان بێت ئەوا ئیتر قوتابخانەکان بەهۆی بیروباوەڕی ئاینیەوە بوونەتە ئەو جێگایەیی کەسەرەتای دەرکەوتنی بارگرژیەکان بێت لەنێو کۆمەڵدا کەدیارە ئەمەش ئەستەمە لەنێو چوارچێوەی دەسەلاّتێکی عەلمانیدا ئەوڕایە سەربەست بکرێ کەدەخوازێت جیاوازی نێوان نێرومێ لەسەر بیروباوەڕە ئاینیەکان بسەلمێنێت و ڕێگەبدات کەلەنێو قوتابخانەو شوێنەگشتیەکاندا بەپێی شەریعەتە ئاینیەکان کاربکرێت , چونکە ئەوە نەك هەرگرفتێکی یاسایی وکۆمەلاّیەتیە بەڵکو لەهەمانکاتیشدا دەبێتە گرفتێکی ئیداری وزانستی , ڕاپۆرتەکە ئەوەدەسەلمێنێت کەزۆرجار بەهۆی بەڕۆژوو بوونەوە خوێندکاران ناتوانن بەشداری تاقیکردنەوەکان بکەن , هەروەها بەهۆی نوێژکردنەوە ڕۆژانە خوێندکارەکان کێشەیان بۆدێتە پێشەوەو ڕێژەی غایب بوون لەخوێندن

زۆر دەبێت , ئەمە لەگەڵ ئەوەی لەبوارەکانی تریشدا کێشەی لەو جۆرە ڕوولەزیاد بوونە وەك ئەوەی کاتێك نەخۆشێك ئامادەنابێت لەکاتی پێویستداخوێنی کەسێکی سەربەئاینێکی تر بکرێتە لەشیەوە , یان ڕازی نابێت و نایهێلێت ڕەگەزەکەی بەرامبەری کاری نەشتەرگەرێتی بۆبکات و دەرزی لێبدات , یان کافتریای سەربەئاینێکی دیاریکراو بەبێ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی تەندروستی لە نەخۆشخانەکاندا دەکرێنەوە بەهۆی ئەوەی کە گوایە لەخواردنی نەخۆشخانەکانداگۆشتی بەرازو حەرامکراو بەکاردەبرێن , ئیتر ئەوکاتە گرفتەکان زۆر لەوە بالآتر دەبن کەتەنها وەك مەسەلەی حیجاب سەیریان بکرێت . ئەمە جگەلەوەی کەلەناو ڕاپورتی لیژنەکەدا ئاماژەبەوەش کراوە , کە زۆربەی ئەوکەسانەی حیجاب دەپۆشن لەلایەن کەسوکاریانەوە ڕاسپێردراون و فشاریان خراوەتەسەر , هەربۆیە یەکێك لەو کچەلەچك بەسەرانەی لەچاوپێکەوتنی لیژنەکەدا ئامادەبووە ووتوویەتی , کۆماری فەرەنسای عەلمانی ناتوانێت بمانپارێزێت و مافە شەخسیەکانمان بۆفەراهەم بهێنێت , بۆیەلەئاکامدا دەتوانرێت والێك بدرێتەوە کەکێشەی حیجاب کێشەیەکی گەورەیەو پەیوەست دەبێتەوە بەوەی کەتاچەندە دەسەلآتی عەلمانی دەتوانێت حوکمەکانی ئاین لەنێو خۆیدا کەم ڕەنگ بکاتەوە ,نەك بەپێچەوانەوە عەلمانی بوون بەناوی ئازادیەوە ببێتە ئەوجێگایەی کەئاینەکان بتوانن بەئاسانی گەراسیاسیەکانی خۆیانی تیادا دابنێن .